# دەربارەی بوومەلەرزەکەی تسۆنامی( خوارووی ئاسیا ) و باروودۆخی منالانی دونیا

محمود محمد عوسمان

لە 26 _12 _2004 کە هەموو دونیا پێشوازی لە سالی تازە ئەکرد وە هەر یەکێ بە هیواو و
ئاوەتەکانی بیری لە هاتنی سالی تازە ئەکردەوە .بەهۆی بوونی هۆکانی پەیوەندی لەو رۆژە هەموو دونیا بەو کارەساتە راچەلەکا و وە ئازاری ئەو لەحزە مردن بارانە کە 160 هەزار کەس گیانیان لە دەستدا هەتا نووسینی ئە بابەتە لە خۆ ئامادەکردن بۆ سەری سالدا میوانی زۆربەی دانیشتوانی کوێ زەوی بوو . وە یەک ملێۆن ئاوارە بوون . لە مێژووی نوێدا کارەساتی وا ترسناک و زیانبەخش نەبووە مەگەر کارەساتەکەی لەشبونە ( ئەسپانیا ) سالی 1755 کە لە ئەنجامی بوومەلەرزەیەک کە بووە هۆی گرتێبەربوونی شارەکە وە هەموو شارەکە کاول بوو .
سرووشت بە رووە ناشرین و توانا ترسناکەکەی هێزی وەحشی خۆی نواند . سرووشت بیری لەوە نەکردەوە کە مرۆڤ زۆر لایەنە ناشرینەکانی جوانکردبوو ولەو شوێنەی کە سرووشت نابوووتە . چی وەک رەنگ وە چی کە سروشت نەبووەتە شوێنی حەسانەوەی ئینسان . ئینسان گیانی خستەوە بەری . ئەوەیش ولامی سرووشت بوو .
ئەمە دوا خۆنیشاندانی سرووشت نیە بگرە رۆژانە مەرگ ئەبارێنێ بەسەر خەلکی زۆر لە ولاتەکانی ئەفریقا و ئاسیا . بەلام ئیرادەی ئینسان و توانای بیرکردنەوەی توانی بەردەوام بێ چونکە هەر لەم شوێنە لە سۆمترە پێش 70000 حەفتا هەزار سال ئە م ناوچەیە وێران بوو وە 800کم دووجار خۆلی باران . بەلام دووبارە ژیان دەستی پێکردەوە . وە 9 پلەی ریختر دوا پلەی هێزی بوومەلەرزەیە کە گەیشتە ئەو پلەیە لەم ناوچەیە .( هەرچەندە لە رووی بیردۆزەوە لەوە زۆرترە ). ئەم پلەیەی ریختەرە بەناو تشارلس ریختەرەوە ناو نراوە کە زانایەکی ئەمریکییە بەلام ناوی بینو غوتنبرغ نییە لەگەلیا هەرچەندە پێکەوە ئەوەیان دۆزیەوە وە مێژوو ناوی ئەمی سرییەوە .
لەم کارەساتە هەزارەها منال کە پەنچەناسکەکانیان راهێنابوو بۆ پەیداکردنی بژوێ بوونە خوراکی نەفەسدانی دەریاکە لەکاتی ئیش کردنیان . کە رۆژانە بەهیوای ئەوەی سفرەی پێش سەری سالیان برازێننەوە وەهیچ نەبێ ئەو خواردنانە ببینن کە هەموو رۆژێ ئەمان هێزی خۆیان ئەفرۆشن بۆ ئامادە کردنی بۆ کەسانی تر . وە هەزارەها منالی بێ باوک ودایک لەناو هۆلەکاندا کە کۆیانیان کردووەتەوە و خۆراک و پێویستی پزیشکییان پێشکەش ئەکەن . ئەلیرەیش باندەکانی بازرگانانی منالان خەریکی گەرا دانانن بەگوێرەی هەوالەکان . وە چەند هەزار دایکان گیانیان لەدەستدا کە دەم وئیواران بەرەو رووی منالەکانیان ئەچوون و دلراوکێ ئەوە بوون نەوەک منالەکان هەندێ لەو پارەی کە پەیایان کردووە خەرجی بکەن بۆ حەزی منالیان کە لێ بێبەش بوونە . تەنانەت رەنگە لەبەر بێ ولامی دایک وباوکیان قەت داوایان نەکردبێ .
چەند نامە و لەحزە پر لەچاوەروانەکان بوونە خۆراکی شەپوولەکەت . ئەو هەموو نامە و یادگاریانە چۆن ئەتەوێ لەبیر بکرێن وبسرێنەوە ئەو هەموو نامەو کارتی پیرۆزبای بەهۆی سەری سالەوە چۆن نەگەنە دەستی چاوەروانان وە چۆن وونیانتکرد .
ئەم کارەساتە بووە هۆی ئەوەی کە لەهەموو لایەکەوە هەلمەتی فراوان بدرێت بۆ کۆمەک . وە چێگەی رێزە کە ئەو هەلمەتە فراوانە بەرێخرا بۆ کۆمەک . وە سەرمایەدەران و دەولەتەکانیان کە نەهامەتی دونیا و شەرەکان کە گیانی هەزارەها ئینسان کۆتایی پێ ئەهێنێ لە کردەوەی ئەوانە ئەمرۆ فرمێسکی تمساحانە ئەرشن . ئەی خۆ ملیونەها ئینسان هەر ئێستا پێویستیان بە سادەترین هۆی ژیانە کە لە ئاوی خواردنەوە و خۆراک بێبەشن وە گیانیان لە دەست ئەدەن . بۆش لە سالی 2002 بریاریدا کە بری 5 ملیار کۆمەک بۆ ئەفریقا بنێرێ هەتا ئیستایش 1 یەک سەنت نە چووە خۆ ئەوانە زیندوون . وەزیری مالییەی هۆلندایش کە ناوی زەلمە و سەر بە حزبی لیبرالەکانە و بەشدارە لە حوکم . ووتی با ئەو 100 ملێۆنە کە دامان نابوو بۆ سودان وەک کۆمەک لە مانگی 7 بریار لەسەری دراوە با بینێرین بۆ ئەم کارەساتە . بەلام مانگانە بە ملێونەها دۆلار سەرف ئەکەن بۆ سوپاکەیان لە خوارووی ئێراق دونیایەکی سەیرە . وە هۆلندایش یەکێکە لەو ولاتانەی کە بۆ بەرژەوەندی خوی بۆ ماوەیکی زۆر ئەندوسیای داگیرکردبوو وە سەروەت و سامانی ئەو ولاتەی ئەبرد بەلام ئەمرۆ خێری پێ ئەکات .

ئەم دنیایە پایەگەکانی مەعروفە وە رۆشنە لەهەموو روویەکەوە چ ئابووری وە چ کۆمەلایەتی وە چ سیاسی وە دیارە چی سستمێک بەرێوە ئەچێت . وە رۆشنە بەرژەوەندی چینایەتی و دەسەلات لەسەر هەموو بەها ئینسانیەکانەوەیە . وە لەهەرشوێنێ بەرژەوەندی چینایەتیان هەبێ لەوەێ دەوار دا ئەکووتن و هەموو هێزو توانایان ئەخەنە گر بەناوی یارمەتی و دیموکراسی . وە یاخود تانکەکانیان ئامادەیە بۆ شێلانی خەلک ئەگەر نارەزایی دەربرن . وە بودجەی ملیونەهایان تەرخان ئەکەن بۆ شەر . وە لە لایەکەوە ملێۆنەها ئینسان لەبەر نەبوونی و نەخۆشی گیان لەدەست ئەدەن . رۆژانە 250 ملێون دۆلار بۆ تەقەمەنی تەرخان ئەکری . ئەمریکا بودجەی 80 ملیار دۆلاری تەرخان کرد بۆ شەری ئێراق . وە مانگی 4 ملیار خەرجی سوپای ئەمریکایە و باسی ئەو هەموو پارەیە بە ملیونەها سەرف ئەکرێ بۆ هەلبژاردن و پروپاگندە بۆ خۆل کردنە چاوی خەلک ناکەم . ئەی نابینن چەند ملیۆن ئینسان پێویستی بە شوێن و پۆشاک و خۆراک هەیە .

با لە زارو لە راپۆرتە ترسناکەکەی یونسیفەوە سەیری وەزعی منالان بکەین کە گورانیان بۆ ئێژن لە راپۆرتی ئەمسالدا هاتووە . بە راپۆرتێکی تراجیدی باسی بارودۆخی منالان ئەکات بەشێوەیەکی ترسناک . هەندێکیان بەشوێنی خواردنا لەناو ئەو بەرمیلانەی کە پاشماوەی نانی تیایە لە مانیلا وهەندێ بەزۆر چەکیان پێهەلئەگرن لە کونغو وە هەندی لەشفرۆشی ئەکەن لە جادەکەنی مۆسکۆ وەهەندێ سوال ئەکەن بۆ بژێوی .

باسەیری ئەم ئامارە بکەین : لە هەموو دونیا 2,2 ملیار منال هەیە . تەنها لە لەولاتە هەژارەکان ( دواکەوتووەکان ) 1,9 ملیار منال ئەژین وە لەو 1,9ملیار منالە یەک ملیاریان لە حالەتی هەژارییەکی سەختدان مانای ( 1 منال لە هەر 2 منال ) مردن هەرەشەی لێ ئەکات .. 400 ملیۆن منال ناتوانن ئاوی پاکی خواردنەوەیان هەبێ ( 1 منال لە هر 5 منالێکدا ) , وە 640 ملیۆن منال لەولاتە دواکەووتووەکاندا شوێنی حەسانەوەیان نییە ( 1 منال لە 3 منالدا ) , وە 270 ملیۆن پێویستیەکانی تەندرووستیان دەست ناکەوێ .

بۆ خوێندن : _ 121 ملیۆن نەچوونەتە خوێندن زۆربەیان لەژنانن . وە کۆی ئەوە منالانەی کە لە سالی 2003 پێش تەمەنی 5 سالی مردن 10,6 ملیۆن . وە رۆژانە 29158 منال ئەمرن کە تەمەنیان لەخوار 5 سالەوەیە . رۆژانە 3900 منال ئەمرن کە ئاوی خواردنەوەیان دەست ناکەوێ وە یاخود ئاوی پاکیان دەست ناکەوێ . وە ژمارەی ئەوانەی کە سالانە ئەمرن 1,4 ملیۆنن . وە ئەو ژمارەی کە مەزەنە ئەکرێ کە منالانی خوار لە 14 سال لە ئەفریقا خوارووی بیابان کە هەلگری فایروسی کەمبوونی بەرگری لە لەشدا ( نقص المناعة ) 1,9 ملیۆن منالن . رۆژانە 1700 منال تووشی ئایدز ئەبێ وە نزیکەی 2,1ملیۆن منال لە 15 سال کەمتر لە هەموو دونیا ئەژین و هەلگری فایروسی کەمبوونی بەرگری لەلەش ( نقص المناعة ) . 15 ملیۆن منال ( لەخواری 18 سال ) باوکیان یان دایکیان لە دەستدا بەهاتنی سالی 2003 بەهۆی کەمبوونی بەرگری لەلەش .. بەلام پێش دوو سال لەو مێژووە یەعنی 2001 ئەم ژمارەیە 11,5 ملیۆن بوو . 8 منال لە 10 منال لەوەی کە باوک یان دایکیان لەدەستدا لە دانیشتووی ئەفریقا خوارووی بیابانن . وا مەزەنە ئەکرێ تا سالی 2010 نزیکەی 18 ملیۆن منال لە ئەفریقا بێ باوک یان بێ دایک ئەبن یان هەردوو لە دەست ئەدەن .

لە ناوەراستی سالی 2004 تەنها لە سودان 2,1 ملیۆن سودانی هەلهاتن و زۆریان لێکوژران بە دەستی چەکدارەکان وە ئەوانەی رزگاریان بوو ژیانێکی سەخت بەسەر ئەبەن . ئەوانەی لە 1990 لە ئەنجامی شەری چەکداری کوژران کۆیان ئەگاتە 1,6. کۆی ئەومنالانەی کە لەولاتەکانی خۆیان هەلهاتوون ئەکاتە کۆی منالەکانی ئەمریکا کە 20 ملیۆنە ( هەتا 5 سال ) . لە شەری رواندا لە 1994 لە ماوەی 90 رۆژ 300000 منال کوژران .

ژمارەی ئەو منالانەی کە بازرکانیان پێوە ئەکرێن 2,1 ملیۆن . وە ئەو منالانەی کە بۆ سیکس ( لەش فرۆشی ) بەکار ئەهێنرێن 2 ملیۆن منالە کە قازانجی ئەگاتە ملیارەها دۆلار بۆ سەرمایەداران . وە یونیسیف دیاری ناکات چەند مندال بەزۆر ئێستە چەکیان هەلگردووە بەلام ئەلی بە هەزارەهایە .

وە منالانی کچان زۆرتر تووشی رفاندن بوونە بۆ ئەوەی یان چەکیان پێهەلگرن یان خزمەتی سەربازی بکەن وە ژمارەیەکی دروست ناداتە دەستەوە .

وە هەروەها باس لە منالانی دارۆفەر و ئێراق ئەکات بەهۆی شەرەوە گیانیان لە دەست دا یان کەم ئەندام بوونە .

له کوردستان هیچ ئامارێکی درووست نییە دەربارەی منالان دەربارەی رێژەی ئەو منالانەی کەلە تەمەنی 5 سال یان لە ژێر 15 سال بوونە قوربانی چەکی کیمیاوی رژێمی کۆنی ئیراقی دکتاتۆر . ئەو منالانەی کە ئەنفال کران چەند بوون وە چەندێکیان لە خوار 5 سال بوون یان خوار 14 سال . ئایە چەندە منال لە سالی 1990 هەتا ئێستا گیانیان لە دەست دا یان بێ باوک یان بێ دایک مانەوە لە ئەنجامی شەر . ژمارەی ئەو منالانەی کە کەم ئەندامبوونە بەهەر هۆیەک بێ چەندە ؟ رێژەی نەخوێندەواری لەژێر 15 سال چەندە لە کوردستان وە یاخود ژمارەی ئەوانەی کە تووشی کەمخوێنی بوونە چەندە ؟

15 سالە دەسەلاتی حکومەتی کوردستان نەیتوانییوە ئامارێکی درووست بداتە دەستەوە کە لە کاتی هەر نووسینێکا ئەکرێ دەستنیشانی بکەی وەک دیکۆمێنت . رەنگە هەبێ وە هەول و کۆشش درابێ بەلام وەک باوەر پێکراو وە دیکۆمەندی دوور لە هەر دەستێوەردانێکی حزبی لەوە باوەرەدام بە درووست نییە وەک ولاتانی تر .

دوای ئەم تابلۆیە دوا قسەم ئەوەیە کە منالان وەک بوونەوەرێکی کۆمەلایەتی ئەبێ هەموو پێویستیەکانی بۆ ئامادە بکرێ ئەگینا هەموو ئەو ئاهەنگ و گۆرانیانە بۆ منال تەنها خۆدزینەوەی لەهەولدانێک کە ئەم نابەرابەریە بگۆرێ . خۆزگە هەرچی شعر و بەشەکانی تری دەربرین و داهێنان نەئەمان بەمەرجێ ئەم کارەساتە نەبووایەو وە یاخود ژیانی منالەکان بەوشێوەیە نەبووایە .

سوودم لە زۆربەی رۆژنامە و لاپەرە ئنتەرنێتەکان وەرگردووە لە 26 -12 _2004 هەتا ئیستا بە ئەرەبی و هۆلەندی وە بەتایبەتی راپۆرتەکانی شەرق ئەل ئەوسەت

.